سوێند بە بتەکان (تاغوتەکان) وبە باوباپیرانتان مەخۆن

لە عبدالرحمان کوڕی سەمورەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «سوێند بە بتەکان (تاغوتەکان) وبە باوباپیرانتان مەخۆن».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە سوێند خواردن بە تاغوتەکان، ئەمیش کۆی وشەی (طاغیە:تاغیە)یە؛ ئەو بتانەن کە لە لایەن موشریکەکانەوە دەپەرستران، وهۆکاری ملهوڕی وکوفریان بوون، هەروەها پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە سوێند خواردن بە باوباپیران؛ چونکە خووی عەرەب لە جاهیلیەتدا وابوو کە سوێندیان بە باوباپیرانیان دەخوارد بۆ شانازی و بەگەورەدانانیان.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8959